www.kurdistannet.org
24-2-2006 12:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چەند شەرمە ئامانج عەبدوڵا سووور باسی گلۆبال دەکات. تەنها وڵامێکی کورت، .. عەلی نەورۆڵی.

بابەتێکی ئامانج عەبدوڵا سووورم خوێندەوە لە مەڕ ئازادی و دنیای گلۆبال، نازانم مرۆڤێك چۆن شەرم ناکات زۆر کەس رەخنەی جەرگبری لێدەگرێت، هەر لەبەر ئەوەی بە بێ بەڵگە قسە دەکات، وا دیارە ئەمجارەش رووی خۆی سپی کرد و باسی ئازادی و بەرگری لە نوخبەی رۆشنبیر و دنیای گلۆبال دەکات، کورد واتەنی ئەمە بانێکەو دوو هەوا، ئەی خۆ دکتۆر کەمال سەید قادر تەنها دوو لاپەڕەی لە سەر کەسایەتیەکانی پارتی نووسی، 30 ساڵ زیندانیتان بۆ بڕییەوە!! بۆ بێدەنگی لە ئاست ئەم یاسای جەنگەڵیە؟!! هەر لەبەر ئەوەی وەك نووسەرانی کاسەلێس بیر ناکاتەوەو بەشان و باڵی دەسەڵاتی قۆرخکراوتان هەڵنادات؟ تۆ ئەوەندە بە تەنگی دونیای گلۆبال و رۆشنبیرو دونیای ئازادیت، ئەی خۆ ئاستی رۆشنبیری و پلەی خوێندەواری دکتۆر کەمالی سەید قادر لە ئاست مەریوان ئاسمان و رێسمانە، بۆ فزەت لێوە نەهات جگە لەوە کە گەشکە دەیگرتی لە خۆشیا کاتێك 30 ساڵ بۆ دکتۆر برایەوە، هەق وایە تۆش وەك هاوبیرەکەت کە (جەمال فەتاح) ە ئیتر لە هەرزەیی بکەویت، زۆر خۆت هەڵمەقورتێنە لە بابەتگەلێك کە بیرو ئەندێشەت نایپێکێت.